## ناوداران



# فرانسێس ئەلیزا هۆجسەن

ئەم خانمە نووسەرە لە ساڵی ( ١٨٤٩) دا لە شاری مانچستەری وڵاتی بریتانیا لە دایك بووە. لە ساڵی ( ١٨٦٥) دا بە خێزانەوە دەچن بۆ ئەمریکا. لەوێ فرانسێس دەست دەکات بە نوسینی چیرۆك. یەکەم چیرۆکی بە ناوی (دڵ و ئەڵماسەکان) بڵاودەکاتەوە.
لە مانگی ئەیلولی ساڵی ( ١٨٧٣) دا ژیانی هاوسەری لەگەڵ ( سوان بەرنێت ) پێکدەهێنێت و دوو منداڵیان دەبێت. لە ساڵی ( ١٨٧٩) دا یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی خۆی بڵاودەکاتەوە. پاشان دەست دەکات بە نووسینی ڕۆمان. بەناوبانگترین ڕۆمانەکانی بۆ منداڵان ( سارا کورو ، باخچەیەکی نهێنی و شازادەی بچکۆلە )ن.
لە ساڵی ( ١٩٢٠) ڕۆمانی ( خەڵکی سپی ) بۆ کوڕەکەی دەنوسێت کە بە نەخۆشی کۆچی دوای دەکات. لە تەمەنی ٧٤ساڵیدا و پاش بڵاوکردنەوەی چەند ڕۆمانێکی تر لە ساڵی ( ١٩٢٤) دا کۆچی دوای دەکات.



## هەمەڕەنگ

### دەسکەوان

ئامێرێکی سادەیە. لە کۆنەوە لە کوردستان دروستکراوەو بەکارهاتووە. دەسکەوان لە مادەی زەرد دروستدەکرێت، ئەویش بە تواندنەوەی مادەکەو پاشان لە قاڵبگرتنی. ئەم ئامێرە بۆ کوتانی داو دەرمانی خواردەمەنی و پزیشکی بەکاردێت. هەرچەندە ئێستا ئامێری کارەبایی پێشکەوتوو پەیدابووە، بەڵام تا ئێستاش دەسکەوان لە زۆربەی ماڵاندا بەکاردەهێنرێت.



### گوڵە باڵۆن



ڕووەکێکە خۆی بە دارو دیواردا هەڵدەواسێ. زیاتر بۆ پەرژین بە کاردەهێنرێت و بەرزیەکەی دەگاتە نزیکەی ( ٣)مەتر.
لە شێوەی هێشوودا گوڵ دەگرێت. گوڵەکەی بچوکەو ڕەنگی سپییەو ناوەکەی تۆزێکی ڕەشی تێدایە. پێیدەڵێن گوڵەباڵۆن، چونکە گوڵەکەی هەڵئاوساوەو لە باڵۆن دەچێت.

ئا: دیلان
وێنە : سامان عوسمان